# له ساڵیادی (کۆبانی) دا، ئازارترین و خۆڕاگرترین و شۆڕشگێڕترین و وێرانکراوترین شاری کوردستان له سه‌ده‌ی ٢١ هه‌میندا:

١

کۆبانی لووتی ره‌گه‌زپه‌رستانی تورك و فاشیزمی ئیسلامیی شکاند:

ده‌وڵه‌تی میلیتاریست و فاشیستی تورکیا، له رێگه‌ی له‌شکری چه‌ته تێرۆریسته پرچه‌ککراوه‌کانی داعشه‌وه، هه‌موو هه‌وڵێکی خۆیدا که کۆتایی به شاری کۆبانی بێت و پاشان شاری که‌رکووکی شاده‌ماری ئابووریی کوردستانیش داگیربکات و به مه‌رامه گڵاوه‌کانی خۆیان بگه‌ن. به‌ڵام هه‌ڵه بوون، گومڕابوون، کورتبین بوون. ئێستا سه‌رده‌می خه‌لافه‌تی خه‌لیفه زۆردار و خوێنڕێژ و داوێنپیسه‌کانی جاران نییه، ئێستا سه‌رده‌می شێره‌کچان و شێره‌کورانی پێشمه‌رگه و گه‌ریلا و شه‌ڕڤانانی کورد و کوردستانه، ئێستا سه‌رده‌می ته‌کنه‌لۆژیای پێشکه‌وتوو و جیهانگیرییه. ئه‌وه‌ی له مێژوودا له زۆرداری و داگیرکاری و وێرانکاری و کۆمه‌ڵکوژیی بۆیان چووه‌ته سه‌ر، ئێستا ته‌نها هه‌ر گه‌مژه‌یی و نه‌زانی و خه‌ون و خه‌یاڵی خاوه. کۆبانی به یه‌ک مانگ شه‌ڕ و به‌رگریی ئازایانه و خۆڕاگرانه، به به‌رچاوی هه‌موو جیهانه‌وه ئه‌فسانه‌یان سازاند. گه‌وره‌ترین گۆڕانکارییان له مێژووی کورد و کوردستاندا دروست کرد.
کۆبانی لووتی ده‌وڵه‌تی فاشیستی تورکیا و هه‌موو ره‌گه‌زپه‌رسته‌کانی تورک و عه‌ره‌ب و له‌شکری فاشیزمی ئیسلامیی، داعشی تێرۆریستیان شکاند. کۆبانی جارێکیتر پرسی ره‌وای نه‌ته‌وه‌یه‌کی ژێرده‌سته و مافخوراو و نیشتمانێکی داگیرکراو و دابه‌شکراوی به سه‌ری به‌رز و شانازییه‌وه هێنایه‌وه سه‌ر گۆڕه‌پانی سیاسه‌تی جیهانی.
کۆبانی ئێستا رووگه‌ی کورد و کوردایه‌تییه.
کۆبانی ئێستا مێژوویه‌کی پڕ له ئازایه‌تی و خۆڕاگری و سه‌ربه‌رزی و شانازییه.
کۆبانی له‌م سه‌ده‌یه‌دا بوو به گۆڕه‌پانی گه‌وره‌ترین شه‌ڕی رووبه‌ڕووبوونه‌وه‌ی تێرۆریزمی جیهانی.
کۆبانی بوو به گۆڕستانی چه‌ته تێرۆریسته‌کانی داعشی فاشیزمی ئیسلامی و باڵی سه‌ربازیی ده‌وڵه‌تی فاشیستی تورکیا.
کۆبانی بۆ هه‌میشه ناوێکی شۆدار و دره‌وشاوه‌ی مێژووی کورد و کوردستانه.
بژی کۆبانی، هێمای ئازایه‌تی و خۆڕاگری و کۆڵنه‌دان و سه‌رکه‌وتنی کوردان.

٢

هه‌تا به دڕنده گه‌مارۆ درابیت، ده‌بێت هه‌ر له‌سه‌نگه‌ردا بژیت:

یه‌کێ له نهێنییه‌کانی دڵسۆزی و ئازایه‌تی و خۆڕاگریی شێره‌کچان و شێره‌کورانی شه‌ڕڤانانی رۆژئاوا، ئه‌وه‌یه که له به‌شێکی نیشتمانێکی گه‌مارۆدراو و هه‌ڕه‌شه‌لێکراودا ده‌ژین، پێش دروستکردنی هۆتێلی 5 ئه‌ستێره‌یی و مۆڵی دوبه‌یی و گوندی ئه‌وروپی و ئه‌مه‌ریکی، بیریان له دروستکردنی له‌شکرێکی یه‌کگرتووی نیشتمانی کرده‌وه و له ماوه‌یه‌کی که‌مدا خۆیان بۆ شه‌ڕ و به‌رگری له‌خۆکردن و رووبه‌ڕووبوونه‌وه‌ی دوژمنان، ئاماده کردوه. له‌وێ که‌س هه‌ڵپه بۆ ده‌وڵه‌مه‌ند بوون و به‌رژه‌وه‌ندیی تایبه‌تیی خۆی ناکات، هه‌موو جه‌ماوه‌ر وه‌کو یه‌ک هه‌ر بیر له خۆپاراستن و مانه‌وه‌یان ده‌که‌نه‌وه و مێژووی ژێرده‌سته‌یی و چه‌وسانه‌وه‌ی رابووردوویان ئه‌و په‌ند و وانانه‌ی فێری کردوون که پیرۆزییه نه‌ته‌وه‌یی و نیشتمانییه‌کان له سه‌روو هه‌موو شتێکیانه‌وه بێت، له ئێستا و له داهاتوودا، کوردایه‌تی و به‌رخۆدانی خۆپاراستن و مانه‌وه، هه‌ر رێبازی ژیانیان ده‌بێت.

ئێوه ئه‌ی شێره‌کچان و شێره‌کورانی کوبانێ، نه‌ک هه‌ر بۆ کورد و کوردستان، بۆ هه‌موو مرۆڤایه‌تیی جێگه‌ی رێزداری و سوپاسگوزاری و شانازین. ..... سه‌ری کوردتان به‌رزترکرده‌وه..... لووتی ره‌گه‌زپه‌رسته‌کانی تورک وعه‌ره‌بی داعش په‌روه‌رتان شکاند..... هه‌ر سه‌رکه‌وتووبن، هه‌ر بژین.

٣

به‌رخۆدانی رۆژئاوای کوردستان، ئه‌زموونێکی شۆڕشگێڕانه‌ی نوێیه بۆ هه‌موو کورد کوردستان:

شێوازی په‌روه‌رده، بیرکردنه‌وه و ره‌وشتی مرۆڤ به‌و شێوه‌یه لێده‌کات که مه‌به‌ست بێت.
زۆرتر له نیو سه‌ده‌یه ساڵه بزووتنه‌وه‌ی رزگاریخوای کوردستان له باشووردا به‌رده‌وامه، ئه‌م مێژووه پڕه له سه‌رکه‌وتن و تێکشکان، له شه‌ڕی پاراستنی کورد و کوردستان، له خامۆش بوونه‌وه و

سەرهەڵدانەوە، لە شەڕی بەرەنگاربوونەوەی دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی کوردستان، بەداخەوە ناو بەناویش لە شەڕ و کارەسانی یەکتر کوشتنی ناخۆ، بە کورتییەکەی باشووری کوردستان، دوای تێکشکانەکانی شۆڕش و راپەڕینەکانی باکوور و رووخانی کۆماری کوردستان لە رۆژهەڵات، بەردەوام، کوانووی شۆڕشی چەکدارانە و خەباتی کوردایەتی بووە. بێگومان کاریگەری لەسەر هەموو بەشەکانی دیکەی کوردستانی گەورەش هەبووە و کوردانی بەشەکانی دیکەی کوردستانیش لە شۆڕشی باشووردا بەشدار بوون و نەخشی گرنگیان هەبووە.

بەڵام بە دڵنیاییەوە بە هەموو ئەو مێژووە دوورودرێژەی باشوورەوە، هێندەی ئەم 50 رۆژەی بەرخۆدانی شاری ئازایەتی و خۆڕاگر و کۆڵنەدەری کۆبانی، نەیتوانیوە یان هەلومەرجی سیاسەتی جیهانی ئەو دەرفەتەی نەڕەخساندووە کە رووی گەش و شۆڕشگێرانەی پرسی نەتەوەیی و نیشتمانیی کورد و کوردستان، بەم شێوەیەی ئێستا بە جیهان بناسێنرێت. بێگومان ئەمە بە هیچ شێوەیەک ناکاتە کەم کردنەوەی رەنج و ماندووبوون و دڵسۆزی و تێکۆشانی رابووردووی بزووتنەوەی کوردایەتی لە باشوور، بەڵام راستییەکە ئەمەیە کە لە رابووردوودا، بەهۆی هەرەسی شۆڕش و شۆڕش هەڵگیرساندنەوە و کارەسات و کۆمەڵکوژیی و ئەنفال و هەڵەبجە و کۆچڕەوە مەزنەکەوە، کورد و کوردستان زۆرتر لە جیهاندا ناسران. بەڵام ناسینی ئەمجارەی کورد و کوردستان، ناسینێکی تایبەتییانەیە و روویەکی دیکەی تێکۆشانی کوردایەتی بە جیهان ناسێندرا، ئێستا هەموو جیهان دەزانێت نەتەوەیەک بەناوی کوردەوە هەیە کە لەلایەن دەوڵەتانی تورکیا و ئێران و عێراق و سوریاوە ژێردەستە کرابوو و کراوە و چەوساوەتەوە و دەچەوسێنرێتەوە، کوردستان نیشتمانێکە لەنێوان ئەو دەوڵەتانەدا، دابەش و داگیرکراوە. بەڵام ئەمڕۆ، شێرەکچان و شێرەژنان و شێرەکوڕان و شێرەپیاوانی کوردانی رۆژئاوا بە ئازایەتی و خۆڕاگری و کۆڵنەدان، بە رەویشتی بەرزی شۆڕشگێرانە و سەردەمییانە، رووخساری راستینەی کچان و ژنان و کوڕان و پیاوانی ئازا و شۆڕشگێری کوردیان جارێکی دیکە بە هەموو جیهان ناساندەوە.

بەرخۆدانی کۆبانی پرسی نەتەوەیی کورد و نیشتمانیی کوردستانی بەشێوەیەکی سەردەمیانە، هێنایەوە نێو گۆڕەپانی سیاسەتی جیهانی. ئەمڕۆ هەموو جیهان پشتیوانیی بەرخۆدانی کۆبانی دەکەن. لە سەرانسەری جیهاندا خۆپیشاندانی هاوکاری و پشتیوانی کردنی بەرخۆدانی کۆبانی ئەنجام دراوە. ئەمە یەکەم جارە لە مێژوودا کە بەم شێوە بەربڵاوە جیهانییە، پشتیوانی لە کورد و کوردستان بکرێت. ئەمە دەستکەوت و سەربەرزی و شانازییەکی گەورە و گرنگ و پیرۆزە و پێویستە و دەبێت بیپارێزین و زۆرتر گەشەی پێبدەین و بەرەو پێشەوەی بەرین. دەبێت ئەم ئەزموونە گەورە و گرنگە بکەینە پەند و وانەی بۆ ئێستا بۆ داهاتوومان. دەبێت بیکەینە خوێندنگە و روانگەیەک بۆ یەکێتیی نەتەوەییمان، بۆ یەکڕیزیی بزووتنەوەی کوردایەتیمان،.

لە دواجاردا دەبێ بڵێین کە ئەمە بەرهەمی ئەو پەروەردە شۆڕشگێرانە راست و دروستە نەتەوەپەروەری و نیشتمانپەروەرییەیە کە (یەکینەکانی پاراستنی گەل - یەپەگە) و (یەکینەکانی پاراستنی ژن - یەپەژە) لە ماوەی کەمتر لە سێ ساڵدا ئەو لەشکرە شۆڕشگێرە ئازا و لەخۆبووردوو و کۆڵنەدەرەیان پەروەردە کردووە و ئێستا بوونەتە جێگەی سەرنج و مایەی سەرسوڕمانی هەموو جیهان. ئەم شەڕڤانانەی رۆژئاوا، پرسی کورد و کوردستانیان بە جیهانی کردەوە و باشترین نموونەی ئازایەتی و خۆڕاگری و کۆڵنەدەری و شۆڕشگێڕانەیان لەسەر شاشەی تیڤییەکانی سەرانسەری جیهاندا پیشانی هەموو مرۆڤایەتی دایەوە. ئەمڕۆ، پێشمەرگە و گەریلا و شەڕڤانان، بوونەتە مایەی سەربەرزی و شانازیی بۆ هەموو کورد و کودستان و تەنانەت بۆ گشت جیهانیش. بوونەتە لەشکرێکی ناسراو و شۆڕشگێڕی دژەتێرۆری فاشیزمی ئیسلامی، دژەتێرۆری تێرۆریسانی دژ بە مرۆڤ و مرۆڤایەتی.

بەرەو پەروەردەی شۆڕشگێڕانە و سەردەمیانە.
بەرەو پێگەیاندنی لەشکری شۆڕشگێڕی کورد و پێکهێنانی سوپای نیشتمانیی کوردستان.
بەرەو یەکێتیی نەتەوەیی و یەکڕیزی و یەک هەڵوێستیی بزووتنەوەی کوردایەتی.
بەرەو پتر بەجیهانی کردنی پرسی نەتەوەیی و نیشتمانیی کورد و کوردستان.
هەر بژی بەرخۆدانی کۆبانی.
هەر بژین. پێشمەرگە و گەریلا و شەڕڤانان.
هەر بژی یەکێتیی نەتەوەیی کورد و کوردایەتی.

شەکاوەتر بێت ئاڵای سووری کوردایەتی.
سەرکەوتن بۆ بەرخۆدانی کۆبانی و بزووتنەوەی کوردایەتی لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا.

٤

شەنگال و کۆبانی:

ئەمڕۆ 56 رۆژە شەڕڤانانی کۆبانی بەوپەڕی ئازایەتی و لەخۆبووردووییەوە بەرامبەر دڕندەترین و پڕچەکترین و زۆرترین لەشکری فاشزیمی ئیسلامی، خۆیان راگرتووە و زۆرترین ژمارەی چەتە تێرۆریستەکانی داعش لە کۆبانی و دەوروبەریدا تۆپێنراون. ئێستا کۆبانی بووە بە ئەفسانە و هێمای بەرەنگاربوونەوەی تێرۆریزمی جیهانی، ئێستا کۆبانی شارێکی بەناوبانگی جیهانییە و بەو شێوازی شەڕکردن و رووبەڕووبوونەوە و خۆڕاگرییە، هەموو جیهانیان سەرسام کردووە و هەموو جیهان لەسەر کۆبانی هاتنە دەنگ. بەڵام لە باشوور، بەپێچەوانەوە بە هەزاران لە هێزەکانی پێشمەرگە و زێرەڤانی و پۆلیس و ئاسایش، بەو هەموو چەک و توانا سەربازییەوە کە لەبەردەستیاندابوو، نەیانتوانی 56 خولەك رووبەڕووی چەند سەد چەتە تێرۆریستێکی داعش ببنەوە و خۆیان رابگرن!؟ هێشتا هیچ رووی نەدا بوو، بەبێ ئاگادار کردنەوەی دانیشتووانەکەی، ناوچەکەیان بەجێهێشت و هەڵاتن، ئەم مەتەڵە هەتا ئێستا هەر هەڵنەهاتووە و کەس نازانێت، ئەو هێزانە ترسنۆك بوون یان فەرمانیان پێکرابوو کە بەبێ بەرگریکردن ناوچەکە بەجێبهێڵن!؟ هەموو بینیمان چۆن شەنگالیان رادەستی داعش کرد و چ کارەساتێکیان بەسەر دانیشتوانی بێ تاوانی ناوچەکەدا هێنا!؟ هەتا ئێستا هیچ لێپێچینەوەیەک نەکراوە و هیچ کەس و هیچ لایەنێک نەچوونەتە ژێر بەرپرسیارێتیی ئەو کارەساتەوە!؟ ئەم مەتەڵە جارێ هەر ماوە، کارەساتی شەنگال و ئێزیدییەکان جارێ تەواو نەبووە و ئێستا بەهۆی کۆبانییەوە کەمێک کپ بووەتەوە، بەڵام بێگومان ئەو کارەساتە، کارەساتێکی نەتەوەیی و نیشتمانیی گەورەیە و هەرگیز لەبیر ناکرێت و لە داهاتوودا لێکۆڵینەوە و لێپرسینەوە و کێشەی زۆرتری بەدوادا دێت!؟

٥

سەرکەوتن بۆ پێشمەرگە و شەڕڤانان:

چوونی هێزەکانی پێشمەرگە لە باشوورەوە بۆ رۆژئاوا، خاڵێکی وەرچەرخانی گرنگە لە مێژووی بزووتنەوەی کوردایەتیدا، مایەی دڵخۆشی و سەربەرزی و شانازیی هەموو کوردێکی پاک و دڵسۆزە. بەڵام دڵسۆزی و ئازایەتی و لەخۆبووردوویی پێشمەرگە شتێکی دیکەیە لەگەڵ ئەو ئەگەری پێشهاتانەدا کە چاوەڕوان دەکرێن. بەداخەوە لە مێژووی خۆماندا دوژمنان فێڵیان زۆر لێکردووین. هەرکاتێک ئەو ئامانجە نارەواو دۆزەخییانەی کە ئەوان بە زەبروزەنگ و شەڕ و کوشتار نەیانتوانیوە پێی بگەن، هەمیشە پەنایان بۆ فڕوفێڵ و بەڵێنی درۆ و چەواشەکاری بردووە، هەربۆیە پێویستە و دەبێت هۆشیارتر بین و هێزەکانی پێشمەرگە و شەڕڤانان بە یەکڕیزی و هاوهەڵوێستی رووبەڕووی دوژمنان ببنەوە، هەرگیز نابێت باوەڕ و متمانە بە دوژمن بکەین..... هەموو هیواداریین پێشمەرگە و شەڕڤانان بە یەکبوونی هەردوو لایان، هەموو چەتە تێرۆریستەکانی داعش بتۆپێنن و کۆبانی بە سەرکەوتنی یەکجاری بگەیەنن..... بە هیوای ئەو رۆژە پیرۆزە.
هەر بژی پێشمەرگە و گەریلا و شەڕڤانان.
سەرکەوتن بۆ بەرخۆدانی کۆبانی.

بەختیاری شەمەیی